## نگاهی به آذربايجان غربی

بۆکان بە گوێرەی دابەشبوونی ئێران بەسەر ئوستانەکاندا، بەشێکە لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا.
کتێبی فارسی " نگاهی به اذربايجان غربی" نووسینی "ايرج افشار سيستانی" کە کۆمەڵی هەندێ زانیاری سەرەتاییە لەمەڕ شار و دێهاتی ئەم ئوستانە، بە گوێرەی سروشتی کتێبەکە، وەردە باسێکی لەمەڕ بۆکان تێدا بەرچاو دەکەوێت. زانیاریی ناو کتێبەکە سەبارەت بە بۆکان کەمە و ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە لە ساڵی نووسران و بڵاوبوونەوەیدا واتە ١٣٦٩ (١٩٩٠) هێشتا بۆکان بە بەشێک لە شاری مەهاباد دەناسرا و زانیارە گشتیەکانی لەمەڕ مەهاباد بۆکانیشیان گرتۆتەوە.
لەگەڵ ئەوانەشدا، کتێبی ايرج افشار سەبارەت بە مێژوو، جوغرافیا، ئابووری و سروشتی شاری بۆکان هەندێ بابەتی تێدا بەرچاو دەکەوێت و لەوانە، لاپەرە ٩٧٨ و ٩٧٩ کە باسی "وجەتسمیە"ی بۆکانە کە نووسەر تووشی هەڵە هاتووە بە شاری "بووک"ان ی ساغ کردۆتەوە، یا لاپەڕە ٨٧٧ (بەرگی ٢) کە باسی گەنمی مومتازی بۆکان دەکات، یا لاپەڕەی ٧٠٦ تا ٧٢٤ کە باسی هۆزی دێبوکری و گەورک و مەنگوڕە و پێوەندی بە بۆکانیشەوە هەیە. کتێبەکە بە فارسی نووسراوە.

ايرج افشار سيستانی، نگاهی به اذربايجان غربی، جلد اول، موسسه انتشاراتی نسل دانش، ١٣٦٩(١٩٩٠)،تهران، ٥٢٧ صفحه، جلددوم، موسسه انتشاراتی نسل دانش، ١٣٦٩(١٩٩٠)،تهران، صفحه ٥٣٣ تا ١٠٧٦.